# تەقینەوەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆی هەولێر، حەقانیەتی جیابونەوەی کوردستانی چەندبەرابەر زیاتر کرد

سەرلەبەیانی ئەمرۆ بەرواری 2007/5/9 لە کردەوەیەکی خۆکوژیداو لەرێگەی سەیارەیەکی بارهەڵگرەوە لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆی شاری هەولێر، زیاتر لە 14 کەس بوونە قوربانی و نزیکەی 90کەسیش بریندداربوون، کە قوربانیەکانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە جگە لەکارمەندانی ئاسایش و فەرمانبەرانی حکومی، چەند هاولاتیەکی مەدەنیش پێوەبوون. هاوکات فەزایەکی ترسناکیشی لەناو خەڵکدا دروستکردوە.

ئەم کردەوە تیرۆریستیە لەکاتێکدا ڕویدا کە ماوەیەکە تیرۆریستانی ئیسلامی و پاشماوەکانی ئەنصار ئیسلام و نوێنەرە تیرۆریستەکانی قاعیدە لەعێراق، لەناوچەکانی پێنجوێن و شارەزور چەندین جار دەرکەوتوون و مانۆڕو کردەوەی تیرۆریستیان دژ بەهاولاتیان ئەنجامداوەو پێدەچێت کە ئەم کردەوەیەش لەدرێژەی هەمان ئەو جموجولانەوە بێت.

جموجوڵی تیرۆریستانی ئیسلامی لەکوردستان کە سالانێکە لەبەردەم فشارو ڕەخنەی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا زەمینەی هەڵسوڕان و بوونیان لەناو خەڵکدا نەماوتەوە، بەلام هەمیشە بۆ دەروازەیەك گەڕاون کە ڕێگەو پاساوێك بۆ بوونیان و هەڵسوڕانی تیرۆریستانەیان بدۆزنەوە، ئەوەتا لەسایەی سەوداو مامەڵەی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیست لەگەڵ لایەنە کۆنەپەرستەکان لەناو عێراق و لەبەغدا، دەرگا بۆ هەڵسوڕان و ئینسانکوژی و کردەوە تیرۆریستیەکانیان خراوەتە سەر پشت. ئەگەر ئەم هەل ومەرجە بەردەوام بێت ئەوا فەزای ئارامی کوردستان بەهەمان شێوەی شارەکانی خوارووی عێراق تێکدەچێت و کوشتاری ئیسلامیانەی لایەنە تیرۆریستەکان باڵ بەسەر کوردستانیشدا ئەکێشێت.

ئێمە ئەم کردوە چەپەڵە تیرۆریستیە ئیدانە دەکەین و ڕادەگەیەنین کە ڕێگرتن لە هاتنی بەلاو شالاوی تیرۆریستی و هاوکات دابین کردنی ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان، هێنانەمەیدانی ئیرادەی جەماوەری خەڵکە بۆ جیابونەوەی کوردستان، لەڕێگەی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێك بەسەرپەرشتی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرەقەومی و سکۆلار. بەهەر ئەندازەیەکیش خۆلادان لەم مەسەلە چارەنوسازە بەلاو کارەساتی گەورە بەسەر خەڵکی دێنێت.

ڕیسوایی بۆ تیرۆریستان و لایەنە کۆنەپەرستەکان

ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2007/5/9